# بەشی دووەم

## کوردستان لانکەی مرۆڤ و شارستانییە

خۆرهەڵاتی نزیک، یەکێکە لە هەرە گرنگترین ناوچەکانی سەر زەمین کە خاوەنی مێژوویەکی چڕوپڕ و تاڕادەیەک بەردەوام بووبێت، ئەم ناوچەیە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەتاوەکو ئێستا ڕەوڕەوەی شارستانی تێیدا بێ وەستان و نەپساوە بووە[١]، دیارە ناوچەیەکی وا کە خاوەنی زنجیرەی چیای وەک زاگرۆس و تۆرۆس بێت، شارستانییەکەشی دەبێت هەروەکو لووتکەی ئەو چیا سەرکەشانە بەرز و بڵند بێت.

خۆرهەڵاتی نزیک بەحوکمی ئەوەی کە ناوچەیەکی چیایی و جەنگەڵستان و هەوراز و نشێو و فرە ئەشکەوتە هەر لە کۆنی کۆنەوە جێ نزرگەی مرۆڤ بووە، کە لە چاخی بلایستۆسینەوە ئەشکەوت و دۆڵەکانی ئەم ناوچەیە مرۆڤی وەخۆی گرتووە و لە مەترسیی لافاو و بەفر و بەستەڵەک و جرۆجانەوەری ناوچەکە پاراستوونی.

باوەڕ ناکەم تەنها یەکێک لە ئەشکەوتەکانی ئەم ناوچەیە لەپاش پشکنین و هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی، جێ پێی مرۆڤی چاخە کۆنەکانی پێوە دیار نەبێت، تەنانەت هەندێک ناوچە هەیە چەندین ماددەی ئارکیۆلۆژی بەشێوەیەکی دیار لەسەر ڕووی زەوییەکەی بەرچاو دەکەوێت!. وەکو گۆزە و دیزە و ئامرازی بەردین و پارچە فەخفوری و چەندین شتی تر، ئەمەش بەئاشکرا لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و گردە دەستکردەکانی شارەزووردا یاخود (قەڵایچەکاندا) بەدەردەکەوێت.

هەر لەبەر گرنگیی ئەم ناوچەیەشە کە زانایانی ئارکیۆلۆژی و مێژوونووسان کە دێنە سەر باسی مێژووی میزۆپۆتامیا و باشووری عێراقی کۆن لە ئەشکەوت و دۆڵەکانی (کوردستان)ەوە دەست پێ دەکەن، وەک خاڵێکی سەرەتا بۆ مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ناوچەی میزۆپۆتامیا و باشووری بەتایبەتی.







1 نەخشەی کودستان و میزوپۆتامیا

خۆرهەڵاتی نزیک لە سەدەی بلایستۆسیندا کە لە (٦٠٠,٠٠٠) ساڵ لەمەوبەرەوە دەست پێ دەکات. یەک پارچە بەفر و بەستەڵەک بووە[٢]، واتە جێگای ژیانی زیندەوەری تێدا ئەستەم بووە. بەڵام بەرەبەرە و پاش سەدان هەزار ساڵ ئاووهەوای ناوچەکە گۆڕاوە و فێنک بووە چاخی بلایستۆسین تاوەکو (٢٠٠,٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر بەردەوام بووە، لە ماوەی ئەم چەرخەدا و لە بەستەڵەکستانی بلایستۆسیندا، هەندێک ناوچەی خۆرهەڵاتی نزیک بەتایبەتی باشووری کوردستان ئەشکەوت و چەپەری چیاکانی داڵدەی مرۆڤی کۆن بوون، هەر لە چاخی بەردینی کۆنەوە واتە پێش (١٢٠,٠٠٠) ساڵ پێش ئێستێ تاوەکو کۆتایی چاخی بلایستۆسین

یاخود تا جێگیربوونی مرۆڤ لە گوندە بەراییییەکاندا لەبەرئەوە مێژووی خـۆرهەڵاتی نزیک وەکـو زۆربەی ناوچەکـانی تر لە ئەشکەوت و کـونە شاخەکانەوە دەست پێ دەکات.

لە هەندێک لە ئەشکەوتەکانی ئەم ناوچەیەدا پاشماوە و جێ پێی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە، کە تەمەنی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (١٢٠,٠٠٠) سـاڵ پێش ئێسـتـێ بۆ نموونە ناوچەی (بەردە بەڵەک)، کە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ بەدووریی دوو کیلۆمەتر، چەندین ئامرازی ئارکیۆلۆژیی لەلایەن نێرژەیەکی ئامریکایی زانکۆی شیکاگـۆوە تێدا دۆزراوەتەوە کە بریتین لە پارچە بەردی راو و هەروەها چەندین ئێسکی بەبەردبووی ئاژەڵی ئەو سەردەمەی وەک فیل و گا و مەڕ و بزن و چەندانی تر، مێژووی ئەم ئامرازانە دەگەڕێتەوە بۆ (١٠٠,٠٠٠) تا ٦٠,٠٠٠ ساڵ پێش ئێستێ[٣].

هەروەها شوێنەواری مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن لە هەردوو ئەشکەوتی (زەرزی و هەزار مێرد)ی نزیک ناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوە کە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ (٦٠,٠٠٠) سـاڵ لەمەوبەر[٤]. دیسان ئەشکەوتی (تەنگی پاپدا) لە ناوچەی بەختیاری و ئەشکەوتی (گلّی سوور) لە چیاکانی بێستوندا بۆ هەمان مێژوو دەگەڕێنەوە[٥].

پاشان لە ئەشکەوتی بەنێوبانگی شانەدەردا چەندین ئێسکی مرۆڤی ئەم چەرخە دۆزراوەتەوە کە ئەمیش هاوکاتە لەگەڵ ئەشکەوتی زەرزی و هەزارمێرد و بێستونی نزیک کرماشان و گۆڕاینی باکووری کوردستان[٦] و ئەشکەوتەکانی دیان و کۆتیک و هاودیان و کەیوانیان و ئەشکەوتی تامتامای نزیک دەریاچەی ورمێ[٧]. ئەشکەوتەکانی بێخاڵ و سەراندووری نێوان هەولێر و شەقڵاوەش. هەمان شوێنەواری مرۆڤی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە.

لە چاخی بەردینی ناوەڕاست و نوێشدا، هەمان ئەو ناوچە نێوبراوانە مرۆڤی کۆنی تێدا نیشتەجێ بووە، بۆ نموونە چینی (B)ی ئەشکەوتی شانەدەر کە بەهۆی (تاقیکردنەوەکانی کاربۆنی تیشکدەر)ەوە تەمەنی







2

ئەشکەوتی شانەدەر



3

هێڵکاریی تەختی زەویی ئەشکەوتی شانەدەر